کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-4-2007 1:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نیازی حەمە عەزیز و قەڵەمەکانی بەعس... هەمزە گوڵانی

## رانیە

سەبارەت بە ناوهێنانی برای نووسەر (نیازی حەمە عەزیز) لەکتێبەکەی (نەبەز گۆران) وچەند وتارێکی (ڕێبوار) لە سایتی کوردستان نێت، کە ئەو بە قەڵەمفرۆش ناو دەبەن دەڵێم: دەستخۆشی لە (نەبەز گۆران) دەکەم کە بە کارێك هەستاوە، هەموو کوردێکی بە ویژدان حەزدەکات (قەڵەمەکانی بەعس) لە کتێبێکی ئاوادا ڕیزبەند بکرێن و بخرێنەوە نێو خۆرجێنی یادەوەریەکان و تا هیچ نەبێ لە کۆڕە کۆمەڵەکاندا سەرکز دیار بن. بەڵام لە سەرێکی دیکەوە مایەی نیگەرانیمە کە (نیازی حەمە عەزیز) لە ڕیزی ئەو ناوانەی داناوە، من زیاتر لە (20) ساڵە وەکو هاورێیەکی نزیك ئاشنایەتیم لەگەڵ کاك نیازی هەیە جگە لە چالاکییە ئەدەبی و ڕوناکبیریەکان هەرگیز بەرژەوەندی تایبەت و شەخێی لە نێوانماندا نەبووە، تەنانەت ئێستا کە ئیلتیزاماتی حیزبی و ئینتمای جیاوازمان هەیە. بە دڵنیایەوە دەڵێم تا ئێستا نەمانزانیوە (نیازی) تاکە ڕستەیەکی بۆ بەعس نووسیبێت و بە پێچەوانەوە هەر وەکو کەسێکی کوردپەروەر و خەمخۆری شارەکەم ناسیوە، هیچ گومان لە پاکێتی (نیازی) ناکەم، لە سەردەمی بەعسدا شەق و شەلاقی سجنیشی پێکەوتووە لەبیرمە جارێکیان من و (خدرگوڵانی) هاورێم و (نیازی) لە دائیرەی ئەمنی بەعس لە ڕانیە بانگ کراین و ئەویش پەیوەندی بە هەڵوێستی ئەدەبیمانەوە هەبوو. خۆ ئەگەر نەبەز گۆران پێی وایە (نیازی) لە ستافی گۆڤار یان ڕۆژنامەبەك کاری کردووە، ئەوە کاك (نیازی) دەتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات.

بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەگەر ڕۆژێك هەستم بە بچوکترین پەیوەندی (نیازی) بە بەعسەوە یان قەڵەمفرۆشی ئەو کردبایە، هەرگیز هەرگیز بۆ لەحزەیەکیش هاورێیەتیم نەدەکرد. بەر لە ڕاپەڕین ئێمە کۆمەڵێك گەنجی کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبی و ڕوناکبیریەکانی شاری ڕانیە بووین، سەری زمان و بنی زمانمان (ئازادی و پێشمەرگە) و مەسەلە شۆڕشگێریەکان بوو، (نیازی) ش وەکو هەر یەکێك لە ئێمە لەو سەردەمەدا لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی بەشی خۆی قوربانیدا و زۆریش ئازار درا، دەتوانم بڵێم لە هەموشمان زیاتر بە هەڵوێستەوە لە خەمی شارەکە و چالاکییە ئەدەبی و ڕوناکبیریەکاندا بووە.
ئەوەشمان لەبیر نەچێ و خۆم شاهیدم کە (نیازی) لە مانگەکانی پێش ڕاپەڕیندا شان بە شانی کۆمەڵێك لە هەڤاڵانی خۆی لە شانە چەکدارەکانی (444) دا بوو، لە سەعاتی یەکەمی ڕاپەڕیندا لە ڕانیە لەگەڵ یەکەم گرووپی بانگەوازکەرانی ڕاپەڕیندا بوو، لە دوای (ڕاپەڕین) یش بەشداری کاریگەری کردووە، لە دەرکردنی گۆڤاری (5 ی ئازار) وبڵاوکراوەی (زەنگ) و بڵاوکراوەی (مانگرتن) و چەندین کار و چالاکی ئەدەبی و ڕوناکبیری تردا کردووە.

لە ڕاستیدا نەدەبوو، کاك (نەبەز گۆران) تەنها بە بینینی یەك دوو هەواڵی هونەری و چاوپێکەوتن کاك (نیازی) بخاتە ناو کتێبەکەیەوە، چونکە بە بێ مەعلوماتی تەواو تۆمەتبارکردنی (نیازی) بە گوناه دەزانم، بە هیوام دوای دڵنیابوونی (نەبەز گۆران) ئەم هەڵەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕاست بکاتەوە، خۆ ئەگەر دەریشکەوت بە بەڵگەوە (نیازی) قەڵەمی بەعس بووە، ئێمەش لەجیاتی جارێك دەجار دەڵێین (نەبەز گۆران) دەستی خۆشبێت. ئەو (ڕێبوار) ە ش کە تۆمەتبارکردنەکانی بۆ نیازی، (کە پێدەچی تەنها لەکەدارکردنی نادرووست و مەبەستی تایبەتی لە پشتەوە بێ) لەبەرئەوەی ناوی ڕاستەقینەی خۆی نانووسی ڕاستگۆیی لەدەستداوە و دەچێتە خانەی تەشهیرەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.